www.kurdistannet.org
7-2-2007 19:09 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

عومەر فەتاح دەسەڵاتی نوری دیوانیشی نییە!! ... باوەڕ پیرۆززادە

لەوەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێکەڵاو بۆتەوە،ئەندامو دۆستو لایەنگرانی ی. ن. ك گلەیی لە میکانیزمی تێکەڵاوبوونەوەکە دەکەن کە بە شێوەیەك لە شێوەکانی تەسلیم بوونەوەی تێدەگەن،بە تایبەتیش بە دانانی کەسێکی لاوازو بێ نفوزی وەك عومەر فەتاح بە جێگری سەرۆکی حکومەتو ئاستی نزمی کارو چالاکییەکانی لە ئەنجومەندا، بۆیە رۆژانە گلەییەکان رەخنەی تووندی حزبیو خەریکە ناڕەزاییەکی ڕێخراوی لێ دەکەوێتەوە،چونکە ئەو پیاوە دەسەڵاتەکانی ئەوەندە بەرتەسك و بچووك کراونەتەوە تا بە قەد د. نوری سەرۆکی دیوانی ئەنجومەن دەسەڵاتی نییە، بۆ راستی ئەم قسانەش دەتوانن لە وەزیرەکانی هەردوولا بپرسن.

وا تەنیا یەك نموونە دەنووسمەوە؛سالّی پار ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە لاپەڕە 1 دا بە خەتێکی زۆر درشت نووسیبوی کە نێچیرڤان بارزانی هەموو دەسەڵاتێکی بە عومەر فەتاح داوە تەنیا بۆی نییە زەوی دابەش بکاتو عەقدی کۆمپانیاکانی نەوتو دەرهێنانی نەوت ئیمزا بکات، بەڵام وەك هەفتەنامەی میدیا لە ژمارە 276ی ڕۆژی 2007/2/6 لە دوا لاپەڕە بڵاویکردۆتەوە کە د. نوری وەك دیاری 250 مەتر چوار گۆشە زەوی بە خانمە هونەرمەند ئاواز حەسەن داوە،دیارە من ڕەخنە ناگرم لەوەی کە ئەو خانمە موستەهەقە یان نا، بەڵکو زیاتر مەبەستم لە دابەشکردنی دەسەڵاتە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

ئاواز حەسەن ٢٥٠ مەتر زەوی لەهەولێر وەردەگرێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.